## نوسینگەی یونامی بۆ هاوکاریی هەڵبژاردن

**سیپارەی راستییەکان**

**پێکێهنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ**

**ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ:** بەپێی ماددەی ٥٤ی دەستوری عیراق، سەرکۆمار لەماوەی ١٥ رۆژی دوای پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی بە مەرسومێکی کۆماری بانگێشتی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ کۆبوونەوە. دادگای باڵای فیدرالی ئەو لایەنەیە کە ئەنجامەکان پەسند دەکات ئەو کاتەی لێکۆڵینەوە لە هەموو سکاڵا و تێهەڵچوونەوەکان کرابێ، یەکەمجار لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پاشان دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانەوە.

بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکانی.

بەپێی ماددەی ٧٢ی دەستور، سەرکۆماری ئێستا لە ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت تا دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ بە مەرجێك سەرکۆماری نوێ لە ماوەی ٣٠ رۆژی دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵببژردرێ.

**سەرکۆمار**: لە ساڵی ٢٠١٠ حوکمەکانی سەرکرمار دەکەونە کار. بە پێی ماددەی ٧٠ی دەستور، پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لە سێ سەرکۆمار هەڵدەبژێرێ. ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك ئەو رێژەیەی پێ نەهات، ئەو کاتە دوو لەو پاڵێوراوانەی زۆرترین ژمارەی دەنگەکانیان هێناوە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و ئەوەی زۆرینەی سادە بهێنێت براوەیە.

**سەرۆك وەزیران**: بەپێی ماددەی ٧٦ی دەستور، سەرکۆماری نوێ لە ماوەی ١٥ رۆژی دوای هەڵبژاردنیدا داوا لە "گەورەترین کوتلەی ئەنجومەنی نوێنەران" دەکات پاڵێوراوێکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکات.

ماددەی ٧٦ هەروەها دەڵێت کە سەرۆك وەزیرانی دەستنیشانکراو لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ رۆژی دوای دەستنیشانکردنی بۆ ئەو پۆستە ئەندامانی کابینەکەی (ئەنجومەنی وەزیران) دەستنیشان بکات. ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوەدا لەو کارە سەرکەوتوو نەبوو، سەرکۆمار لە ماوەی ١٥ رۆژدا کەسێکی تر بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران رادەسپێرێ.

**ئەنجومەنی وەزیران**: بەپێی ماددەی ٧٦ی دەستور، سەرۆك وەزیرانی دەستنیشانکراو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و بەرنامە وەزارییەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات بۆ پەسەندکردنی یەك بە یەك، بە زۆرینەی رەها. ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران متمانەی پێنەدرا، پێویستە سەرکۆمار داوا لە پاڵێوراوێکی تر بکات بۆ پێکهێنانی ئەنجومەن لە ماوەی ١٥ رۆژدا.

**ئەنجومەنی فیدرالی**: بەپێی حوکمە راگوزەرەکانی دەستور، ماددەی ١٣٧ دەڵێ کە هەموو بڕگەکانی پەیوەست بە ئنجومەنی فیدرالی *دوا دەخرێن* تا ئەوکاتەی پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لە سێ بڕیاردەدا "لە*دووەم* خولی هەڵبژاردنی"ی پەرلەماندا پاش پەسەندکردنی دەستور.

زانیاریی زیاتر لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەیە www.ihec.iq